شاخەوان عەبدوڵا: کەبوونەوەکانی ڕێژانی ڕابردوو دەربارەی ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەباشی بەڕێوەچوون

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕاگەیاند: لە کەبوونەوەکانی ڕێژانی ڕابردوو دەربارەی ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەباشی بەڕێوەچوون، بەڵام بەهۆی دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامانی دادگای فیدراڵی عێراق نەتواندرا ئەو بڕیارە بدرێت.

شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە، 19ـی حوزەیرانی 2025، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕاگەیاند: لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لەسەر پرسی مووچە، چەندین کەبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجامداوە.

شاخەوان عەبدوڵا، گوتیشی: کەبوونەوەکان زۆر ئەرێنی و باشبوون، تەنانەت هەوەستی دادوەرەکانیش بە ئاراستەی چارەسەرکردن و بڕیاردان لەبەری ناردنی مووچەوە بوون، نووسراوی سەرۆک وەزیران مەسروربارزانی لەنێو کەبوونەوەکە خوێندرایەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو کێشەی ئەمڕۆ ڕوویدا نەتواندرا کەبوونەوەی ئەمڕۆی دادگای فیدراڵی بەڕێوەبچێت و بڕیار لەبارەی ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمەوە بدات.